Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.SpC.24

# شیکردنەوەی جۆرەکانی شوێنپێی ڕستەسازی لە زمانی کوردیدا بەپێی تیۆریی دەسەڵات و بەستنەوە

OPEN ACCESS
*Corresponding author
Hazha Ismael Ramadhan
hazha.ramadan@su.edu.krd

RECEIVED :03 /08/2025
ACCEPTED :01/10/ 2025
PUBLISHED : 15/12/ 2025

**هاژە اسماعیل رمضان/**بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق

**نەریمان عەبدوڵلا کەریم خۆشناو/** بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر،هەرێمی کوردستان،عێراق

**وشە سەرەکییەکان:**
تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە،
شوێنپێ،
جێناوخەر،
ئێکس بار،
فرێزی ناوی

## پوختە

لێکۆڵینەوەی بەردەست لە چوارچێوەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا جۆری شوێنپێیەکان لە زمانی کوردیدا شیکاری دەکاتەوە. لێرەدا ئامانجی سەرەکی، شیکردنەوەی پێکهاتە ڕستەسازییەکانە کە تێیدا توخمەکانی وەک بکەر، بەرکار و وشەی پرسیار دەگوازرێنەوە و شوێنپێیەکی سینتاکسی بەجێدەهێڵن. داتاکان لە ڕستە سروشتی و ئاساییەکانی زمانی کوردی وەرگیراون و بە بەکارهێنانی هێڵکاریی درەختی ئێکس بار (x-bar) شیکراونەتەوە. ئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن، کە زمانی کوردی زمانێکی جێناوخەر (pro-drop)ە و بە شێوەیەکی پێڕەومەند جۆرەکانی شوێنپێی وەک شوێنپێی فرێزی وشەی پرسیار، فرێزەی ناوی و جێناوی بەکاردەهێنێت. ئەم نموونانە ئاماژە بەوە دەکەن، زمانی کوردی لەگەڵ بنەما گشتگیرەکانی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا یەکدەگرنەوە و هەروەها توێژینەوەکە جەخت لەسەر تایبەتمەندییە پارامیتەرییەکانی زمانی کوردی دەکاتەوە، بەتایبەت لە سڕینەوەی بکەر و گواستنەوەی توخمەکانی پرسیار. دەسکەوتی توێژینەوەکە ئاستی هۆشیاریی و تێگەیشتن لە پێکهاتەی ڕستەسازیی زمانی کوردی و فێرکاریی ئەم زمانە بەرزتر دەکاتەوە.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

## پێشەکی

تیۆری شوێنپێ لقێکی سەرەکی لە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەیە، کە ئەو پێگە بەتاڵانە ڕوون دەکاتەوە کە لە ئەنجامی جووڵەی ڕستەسازی لە پێکهاتەی ڕستەدا دروست دەبن. لەم تیۆرەدا، جووڵەی ڕێزمانیی پێکهاتەکان وەکو بکەر، بەرکار یان فریزی بەند لە شوێنی سەرەکییەوە بۆ پێگەی بەرزتر، شوێنپێیەک بەجێدەهێڵێت، کە لە شیکاری ڕستەسازیدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت. زمانی کوردی لە بواری پێکهاتەی سینتاکسییەوە تایبەتمەندیی خۆی هەیە، و دەکرێت بەپێی تیۆریی کۆپی و تیۆری شوێنپێ پێکهاتەکانی جێبەجێ بکرێت. بە تایبەتی بوونی پێکهاتەی ڕستیلەی ناسەربەخۆ، سڕینەوەی بەرکار و گۆڕینی فرێزە ناوییەکان لە زمانی کوردیدا ڕێگە بە شیکارییەکی وردتر دەدات لە ڕستەسازیدا. لەم توێژینەوەدا هەوڵدراوە بە پشتبەستن بە داتای سروشتی و نموونەی ئاسایی زمانی کوردی ناوەڕاست، جۆرەکانی شوێنپێ شی بکرێتەوە. هەروەها بەستنەوەی ئەم پێکهاتانە بە تیۆریی دەسەڵات و بەستنەوە و بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی پلەی گونجانی پێکهاتەی سینتاکسی کوردی لەگەڵ بنەما گشتگیرەکانی ئەم تیۆرییە شیکاری دەکرێت. دەرەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ ڕوونکردنەوەی پێگەی زمانی کوردی لە ڕستەسازیدا و پەرە بە ڕێبازە زمانەوانییەکانی کوردی بدات.

## گرنگی توێژینەوەکە

گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدایە کە بە شیکردنەوەی پێکهاتەکانی شوێنپێ ڕستەسازی لە زمانی کوردیدا، تێگەیشتنێکی وردتر لە پێکهاتە بنەڕەتییەکانی ڕستەسازیی ئەم زمانە دەخاتەڕوو و توانای گونجاندنی لەگەڵ تیۆرییە جیهانییەکانی ڕستەسازی، بەتایبەت تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە دابین دەکات.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** ئەم لێکۆڵینەوەیە وەسفیی-شیکارییە و لەسەر بنەمای شیکردنەوەی پێکهاتەی ڕستە سروشتیی کوردیی لە چوارچێوەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە دامەزراوە.

## کۆمەڵگە و کەرەستەی توێژینەوەکە

کۆمەڵگەی ئاماری ئەم لێکۆڵینەوەیە پێکدێت لە ڕستەی سروشتی زمانی کوردی سۆرانی کە لە سەرچاوەی ڕەسەنی نووسراو و قسەکردن وەک دەقی فەرمی و گفتوگۆی ڕۆژانە کۆکراونەتەوە. بۆ هەڵبژاردنی داتاکان شێوازی نموونەگرتنی ئامانجدار بەکارهاتووە بۆ ئەوەی پێکهاتەکانی ڕستەسازی تاوتوێ بکرێن. ئامرازی سەرەکی شیکاری بریتییە لە هێڵکاریی درەختی کە لەسەر بنەمای تیۆری ئێکس بار و بنەماکانی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە دامەزراوە.

## پرسیارەکانی توێژینەوەکە:

1.چ جۆرە شوێنپێیەک لە پێکهاتەی ڕستەسازیی زمانی کوردیدا دەتوانرێت دەستنیشان بکرێت؟

2.چۆن دەکرێت پێکهاتەکانی شوێنپێ، وەک NP-trace و Wh-trace بە زمانی کوردی لە ڕێگەی هێڵکاریی X-bar شی بکرێتەوە؟

3.زمانی کوردی لە ڕێگەی چ تایبەتمەندییەکی سینتاکسی لە چوارچێوەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا وەسف دەکرێت؟

4.تا چ ڕادەیەک دەتوانرێت پێکهاتە ڕستەسازییەکانی کوردی لەگەڵ بنەما گشتگیرەکانی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا یەک بگرێتەوە؟

**بەشەکانی توێژینەوە:** توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام، لە دوو بەش پێکدێت؛ بەشی یەکەم تیۆرییە و تایبەتکراوە بە بنەما تیۆرییەکانی شوێنپێ بەپێی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە بەتایبەتی. بەشی دووەم پراکتیکیە و تایبەتە بە دیاریکردنی کاریگەری شوێنپێ لەسەر جۆرەکانی ڕستە ، هەروەها شیکردنەوە بۆ جۆرەکانی ڕستە لە زمانی کوردی کراوە بەپێی تیۆری شوێنپێ. لە کۆتاییدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان، هەروەها پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

- جۆرەکانی شوێنپێ بەپێی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە

## 1-1 چەمک و پێناسەی شوێنپێ(trace)

شوێنپێ زاراوەیەکی زمانەوانییە، لە زمانی کوردیدا بۆ ڕوونکردنەوەی دیاردەکانی جووڵە لە ڕستەسازیدا بەکاردێت. لە زمانی عەرەبیدا بەرانبەر وشـــەی (الأثر) هاتووە، هەروەها لە زمانی فارســـیدا پێی دەگوترێ "رد"ە؛ لە زمانی ئینگلیزیشـدا (trace) بەکاردێت، هێما کورتکراوەکەی (t)یە، شـوێنپێ واتە توخمێکی زمانی، کە شـوێنێک لەدوای خۆیدا بەجێدەهێڵێت. ئەم "شوێنە" زیاتر وەک پێگەیەکی بەتاڵ لە پێکهاتەی ڕووکاردا دەردەکەوێت و لە شیکاری ڕستەسازیدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت.

تیۆری شوێنپێ چەمکێکی سەرەکییە لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا، بەتایبەتی لە چوارچێوەی تیۆری دەسەلات و بەستنەوە (Government and Binding Theory: GB) و دواتر لە بەرنامەی مینیمالیسـتیدا (Minimalist Program) بۆ ڕوونکردنەوەی جووڵەی پێکهاتەکان لە ڕستەیەکدا و شوێنپێی لە شوێنی ئەسەرەکیدا بەکاردێت. لەم تیۆرەدا "شوێنپێ trace" پێگەیەکی بەتاڵە، کە لەدوای جووڵەی پێکهاتەیەکی ڕستەیی (وەک فریزی ناو، ئاوەڵناو یان ڕستیلە) دەمێنێتەوە و پەیوەندی واتایی و ڕستەیی خۆی لەگەڵ پێکهاتەی جووڵانەوەدا دەپارێزێت ( Dikken,2013, 26).

بە واتایەکی دیکە، تیۆریی شوێنپێ ئەگەر توخمێکی ڕستەسازی لە شوێنی سەرەتایی خۆیەوە بۆ نموونە (بۆ سەرەتای ڕسـتەیەک یان بۆ پێکهێنانی ڕسـتەیەکی پرسـیاریێک) بگوازرێتەوە، ئەوە شـوێنپێیەک لەدوای خۆی بەجێدەهێڵێت، کە بە "t" هێما دەکرێت. ئەم شـوێنەوارە بۆشـاییەکی بەتاڵە، کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی توخمە گوێزراوەکە پێشـتر لەو شـوێنەدا بوونی هەبووە و لەوێشەوە گواستراوەتەوە(Lightfoot,1976, 82).

شـوێنپێیەکان بریتین لە پێکهاتەی ڕستەسـازی، کە لەڕووی فۆنەتیکییەوە بێژە ناکرێن، بەڵام لە پێکهاتەی قووڵ( deep structure)دا بوونیـان هەیە و وەک بۆشـــــایی بەتـاڵ لە پێکهـاتەی ڕووکەش (surface strucure)دا دەمێننەوە. شـــوێنپێیەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە لێکدانەوەی واتایی ڕســـتەســـازیدا دەگێڕن و لە تیۆریی ڕســـتەســـازیی مۆدێرندا لەگەڵ (coreference) و تەرخانکردنی ڕۆڵی سیتا ( (theta role assignment) (راسخمهند،1393، ٢٠٦).

بەگشتی لە تیۆری بەسەرداچوونەوەکەی چۆمسکی و تیۆری دەسەلات و بەستنەوەدا، هەندێک لە پێکهێنەکانی ڕستە لە ڕۆنانی ژێرەوەیاندا، شـــوێنە بنەڕەتییەکان (بنجییەکان)ی خۆیان بەجێدەهێڵن و دەگوازرێنەوە بۆ شـــوێنی تر، ئەم پێکهێنانە لەدوای گواستنەوە (جووڵاندن)یان بۆ ئەو شوێنانە، شوێنپێیەکی بەتاڵ لەدوای خۆیاندا بەجێدەهێڵن، شوێنپێیە بەتاڵەکە لە ئینگلیزیدا پێی دەوترێت (trace) و بە پیتی (t) وەک هێمایەک ئاماژەی بۆ دەکرێت، ئەم شـــوێنپێیانە لە ڕۆنانی ژێرەوەدا بەدەرناکەوێن، بەڵکو لە ڕۆنانی ســـەرەوەی ڕســـتەدا و لەپاش جووڵاندنی ئەلفاوە (a)ەوە بە بەرهەم دێن. پێکهێنە جووڵاوەکە و ئەو شـوێنپێیەی لەدوای خۆیدا بەجێی دەهێڵێت، هەمان نیشـانەیان دەدرێتێ، واتە هاونیشـانە ( Co-indexing) دەبن (Chomsky, 1986, 342).

## 2-1 گرنگیی تیۆریی شوێنپێ

1. بنیاتنانەوەی واتا: شـوێنپێیەکان یارمەتیمان دەدەن لەوە تێبگەین، کە هەر بەشـێکی ڕسـتەیەک لەڕووی واتاییەوە سەر بە کوێیە. بۆ نموونە دەزانین بکەر یان بەرکاری ڕستەکە کێیە، تەنانەت ئەگەر لە شوێنی ئاسایی خۆیدا نەبێت.

2. پێوەندی بە تیۆریی دەســـەلات و بەســـتنەوە: تیۆری شـــوێنپێ بە تیۆریی دەســـەلات و بەســـتنەوەدا پێوەندی هەیە. تیۆری دەسـەلات و بەسـتنەوە یەکێکە لە تیۆرییە گرنگ و گشـتگیرەکان کە لە سـاڵی ١٩٨١ لەلایەن نوام چۆمسکیەوە ناسێندرا. ئەم تیۆرییە لە چوارچێوەی "تیۆریی ستانداردی فراوانکراو (Extended Standard Theory)دا پێکهاتووە و هەندێکجار بە "تیۆری بنەما و پارامێتەرەکان"یش ناســـراوە. بەگشـــتی تیۆریی دەســـەلات و بەســـتنەوە جۆرێکە لە ڕێزمانی گوێزانەوە[1] (transformational grammar) کە تێیدا پێکهاتە ســـینتاکســـییە جیاوازەکان بە شـــێوەیەکی پلەبەندی لەســـەر بنەمای میکانیزمەکانی ئەم تیۆرییە وەرگیراون. چۆمســـکی لە ناســـاندنی ئەم تیۆرییەدا ئاماژە بەوە دەکات کە بەشـــێکی زۆری داتا زمانییە بەکارهێنراوەکانی لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگرتووە، ئەمەش بووە هۆی ئەوە کە ئەم تیۆرییە تەنیا بۆ زمانی ئینگلیزی بەکاربهێنرێت. هەر لەبەر ئەم هۆکارە بڕیاریدا ئەو بنەمایانە بخاتەڕوو کە

[1] . ڕووکاری ڕێزمانی (syntax) زمانەکان کاریگەری لەسەر شێوەی گوێزانەوە هەیە.

لەسـەر بنەمای هەموو زمانەکانی جیهان، جێبەجێ بکرێن. ئەم تیۆرە بانگەشـەی ئەوە دەکات، کە مۆدێلێکی گشـتگیر بۆ ئاخاوتنی مرۆڤ و چوارچێوەیەک بۆ ڕێزمانی گشتگیر دابین دەکات. واتە هەموو زمانەکان کۆمەڵێک یاسای گشتگیریان هەیە، کە لە مێشـــکی مرۆڤدا بوونیان هەیە بەڵام جیاوازی زمان بەهۆی کۆکردنەوەی پارامێتەرەکانی تایبەت بە زمانەوەیە (Chomsky, 1981, 1–5) .

3. بنەمای ئابووریی زمانی: لە بەرنامەی مینیمالیستیدا، شوێنپێیەکان نیشانەی ئەو جووڵانەن، کە لە ئاستی ڕێزمانەوە ئەنجامدراون، بەڵام لە ئاسـتی فۆنەتیکیدا(Phonological Form (PF سـڕاونەتەوە. ئەم جووڵانە هێشـتا لە ئاسـتی لۆژیکی (Logical Form (LF) ڕسـتەدا بوونیان هەیە و بۆ لێکدانەوەی ڕسـتەکان پێویسـتن. بنەمای ئابووریی زمانی لە زماندا دیاردەیەکی سروشتیی و ئاساییە و ئاخێوەر بەهۆی بنەمای کەمکۆشی یان بە کەمترین هەوڵ و ئاسانبێژی لە بێژەکردندا یان کەمترین هەوڵ بۆ ئاخاوتن کەڵک لەم ڕەوتانە وەردەگرێت (محەممەدی،٢٠٢٣، 45).

4. لە زمانە جۆراوجۆرەکاندا: تاوتوێکردنی لە زمانە جۆراوجۆرەکاندا، وەک کوردی ، دەتوانێت نیشـانبدات، کە پێکهاتە سـینتاکسـییەکانی زمانەکان چەندە لەیەکدەچن یان جیاوازن. بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا دەکرێ ئەوەش نیشـانبدرێت، کە لە ڕسـتەی پرسـیاردا بەرکار دەگوازرێتەوە بۆ سـەرەتای ڕسـتەکە، کەلێنێک بەجێدەهێڵێت کە دەکرێت بە تیۆری شوێنپێ شیکاری بکرێت. بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا: ئەگەرسەیری ڕستەی هەواڵی بکەین:


1. ژینۆ کتێبەکەی خوێندەوە.

لەم ڕستەیەدا ڕێزبەندی وشەکان سروشتی و ئاساییە. «کتێب» بەرکاری ڕستەیە و لە پێگەی دوای بکەرەکەدا هاتووە.

لە ڕستەی پرسیاردا سەیری ئەم نموونەیە بکەین:

2. چ شتێکی ژینۆ خوێندەوە؟

لەم ڕستەیەدا دەستەواژەی "چ شتێکی"بۆ سەرەتای ڕستەکە گواستراوەتەوە. بەپێی تیۆری شوێنپێ، ئەم گواستنەوەیە دەبێتە هۆی ئەوەی شوێنێک لە پێگەی سەرەکیی بەرکارەکەدا بمێنێت. پێکهاتەی ڕستەسازی شوێنێکی بەتاڵ لە پێگەی بەرکاردا لەخۆدەگرێت و لە پێکهاتەی قووڵدا (D-structure) شـــوێنی بەرکارەکە پڕدەکرێتەوە. ئەم گواســـتنەوەیە بۆ لێکدانەوەی واتا لە پێکهاتەی لۆژیکی (LF)دا پارێزراوە.



هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێیدا تیۆری شوێنپێ لقە تیۆرێکی گرنگی تیۆری (دەسەڵات و بەستنەوە)یە، بۆ ڕوونکردنەوەی دیاردەکانی جووڵە لە ڕستەسازیدا بەکاردێت. لقە تیۆری شوێنپێ لە چوارچێوەی دەسەڵات و بەستنەوەدا پێیوایە ئەگەر کەرەستەیەک بگوازرێتەوە، ئەوا شوێنەوارێک لەدوای خۆیدا بەجێدەهێڵێت، ئەم شوێنەوارە پێی دەگوترێت شوێنپێ. شوێنپێ لە ڕستەسازیدا واتە شوێنی بەتاڵی وشەیەک یان فرێزێک، ئەوەی ڕستەکە گۆڕانکارییەکی زمانەوانی بەسەردا دێت، جێگەی وشە یان فرێزەکە زۆربەی کات دەگۆڕێت و لەپاش خۆی بۆشاییەک جێدەهێڵێت *((ئەو بۆشاییەی بەهۆی جووڵەی فرێزی ناوی دروستدەبێت بە شوێنپێی فرێزی ناوی ناودەبرێت، لە کردەی پراکتیکدا شوێنپێی فرێزی ناوی NP-trace بە (t) نیشان دەدرێت))* *(Oyioka,Ongarora,Ojwang,2015, 104)*.

### 3-1 جۆرەکانی شوێنپێ


شوێنپێیەکان بە پشتبەستن بە جۆری جووڵەی ڕستەسازی دەتوانرێت بەسەر پۆلە جیاوازەکاندا دابەش بکرێتە سەر دوو پۆلی سەرەکی، کە بریتین لە:

#### 1) شوێنپێی وشەی پرسیار (wh-trace)

لە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە (GB)ی نوام چۆمسکیدا، کاتێک وشەی پرسیار wh-وەک (چی، کێ، کام ، کوێ،..هتد) لە شوێنی سەرەتایی خۆیەوە لە ڕستەیەکدا (وەک شوێنی بەرکار)بۆ سەرەتای ڕستەکەدەگوازرێتەوە، یان بۆ [Spec, CP]، ئەوا جووڵەیەکی لەو شێوەیە دەبێتە هۆی دروستبوونی شوێنەواری ڕستەسازی، کە پێی دەوترێت شوێنپێی وشەی پرسیار wh-trace. ئەم شوێنەوارە پۆلێنێکی بەتاڵە، کە لە ئاستی فۆنەتیکی(PF)دا دەرناکەوێت، بەڵکو لە پێکهاتەی لۆژیکی (LF)دا دەمێنێتەوە و بۆ لێکدانەوەی واتایی و بۆ پاراستنی پەیوەندی ڕستەسازی لەگەڵ توخمە جووڵاوەکەدا پێویستە (Haegeman,1994,365).

کەواتە ئاماژەکردن بە جووڵەی وشەی پرسیار لە ڕستەسازیدا، بە هێنانە پێشەوەی وشە پرسەکان دروستدەبێت، با وا دابنێین وشە پرسەکان لە شوێنی سەرەتای ڕستەدا سەرچاوە ناگرن، بەڵکو لەبری ئەوە لە شوێنێکی دیکەی پێکهاتەکەدا سەرچاوە دەگرن و بە گۆڕانکارییەک و جووڵەیەک، یان شتێکی لەم شێوەیە بۆ شوێنی سەرەتای ڕستە دەگوازرێنەوە. دەستەواژەی وشەی پرس بۆ شوێنی سەرەتای ڕستە بگوازەرەوە، ئەم گۆڕانکارییە بە جووڵەی وشەی پرس ناودەبرێت. ((جووڵەی Ā-) فرێزێکە دەچێتە سەر شوێنی نائارگیۆمێنت، وەک لەپێشەوەی وشەی پرسدا لە پرسیاری ناوەڕۆکدا)) (Black,1998, 29). هەروەها دەربارەی شوێنپێی وشەی پرس، دەکرێت بوترێت وشە پرسەکان لە هەموو زمانەکاندا وەکیەک نین. زۆربەی کات پرسیار بە وشەی پرس دەکرێ، شوێنپێ (t) بەجێدەمێنێت، بۆ نموونە:

2)کێ ڕەوەندی بینی؟



هەروەها لە هێڵكاريي درەختي نموونەی (٢)دا هاتووە، لە ئاستی پێكهاتی ڕووكەشیدا وشەی پرسیار لە شوێنی سەرەكیی خۆی (دوای كار) گواستراوەتەوە بۆ -Spec. ئەم جووڵەیە ئاماژەیە بۆ پێكهاتەیەكی داڕێژراو و لە پێكهاتەی قووڵدا ڕستەكە بە "ڕەوەند كێی بینی؟" دادەنرێت. سڕینەوەی وشەی پرسیار لە شوێنی سەرەكیی خۆی بە مانەوەی شوێنپێ t دەستنیشاندەكرێت. ئەم tیە لەژێر دەسەڵاتی گرێی پرسیار لە Spec-CP دایە و هاونیشانە (coindex) دەكرێت. لەم ڕستەیەدا " كێ ڕەوەندی بینی" وشەی پرسیاری Wh-ە، كە لە ئاستی ڕووكاری ڕستەكەدا دەردەكەوێت، بەڵام شوێنەواری لە شوێنی بەركاری دوای كارەكەیە (واتە دوای "ڕەوەندی بینی") شوێنێكی بەتاڵ بەجێدەهێڵێت. لە تیۆریی دەسەڵات و بەستنەوەدا ئەم ڕستەیە نموونەی جووڵەیەكی جۆری A یە، چونكە توخمێك لە پێگەی بەركار (A-position) بۆ شوێنی ڕستەسازیی (CP) گواستراوەتەوە. جووڵەكە شوێنپێی لە پێگەی سەرەكی بەركارەكە بەجێدەهێڵێت. ئەم شوێنپێیە لەگەڵ فرێزی سەرچاوەكەی خۆیدا هاونیشانە (coindex)یە.
((چۆمسكی پێیوایە لە زمانی ئینگلیزیدا گواستنەوەی وشە پرسەكان، بە گواستنەوەی نائارگیۆمێنت دادەنرێن)) (Chomsky,1981,47)، هەروەها (د. محەممەد مەحوی) دەربارى وشە پرسەكان دەڵێت: ((لە كورتە و پوختەی ئەم بەشەی لێكۆڵینەوەكەمدا بانگەشەی ئەم گریمانەیە دەكەم، كە ڕستەی پرسیاری ڕێزمانی كوردیی یاسای گواستنەوەی" a بجووڵێنە " نیشان نادات و نییەتی. بەم شێوەیە ڕستەی پرسیار دروستەی قووڵی زمانی كوردیی دەگرێتەوە و وەكیەكن))(مەحوی،٢٠٠١، ١٩٧)، لەژێر ڕۆشنایی ئەم گریمانەیەی (د.محەممەد مەحوی)دا دەكرێت بگوترێت شوێنپێی وشەی پرس Wh- trace لە هەموو زمانەكاندا چوونیەك نییە و دەكرێتە دوو جۆر:
جۆری یەكەم: ئەو زمانانەی جووڵەی شوێنپێی وشە پرسەكان دەگوازرێتەوە و دەچێتە شوێنی مەبەست و نیشانە و هێمای شوێنپێ وەردەگرێت ((لەو زمانانەدا كە وشەی پرسیار لە سینتاكسەكەیاندا بۆ شوێنی پارتیكڵی تەواوكەرانە دەگوێزنەوە، بەئاسانیی لەڕێی شوێنە بۆشەكەی (شوێنپێی) وشەی پرسیارە گوێزراوەكە دیارە و دەزانرێت، ئەگەر پرسیار لە بكەر یان بەركار كرابێت، ئەم جۆرە دروستانە ڕێدەدەن لەڕێی شوێنە چۆڵكراوەكەوە (تیۆری شوێنپێ) فۆرمە لۆژیكییەكەی بزانرێت و بخرێتە پاڵ ڕستەكە. لەم ڕستەیەدا ناسنامەی ئاماژەپێدەرەكە بەڕەوانیی نیشانیدەدات، لە بنەڕەتدا چی لە شوێنە چۆڵكراوەكەدا هەبووە))(مەحوی،٢٠٠١، ١٩٦)، كەواتە زمانی ئینگلیزی لەو زمانانەیە، كە شوێنپێی وشە پرسەكان وەردەگرن.
جۆری دووەم: ئەو زمانانەی جووڵەی وشە پرسەكانیان ناچنە شوێنی مەبەست و هێما و نیشانەی شوێنپێی وشەی پرس وەرناگرن ((ئەم تایبەتمەندییە بەدیناكرێت و جێناوی پرس بۆ شوێنێكی تر ناگوێزرێت، بەڵكو تەنیا لە چوارچێوەی گرێیەكدا كردەی جێگیری بەپێی مەبەستی پرسەكە ئەنجام دەدرێت)) (حاجی،٢٠٠٩، ١٥١). زمانی كوردیش یەكێكە لەو زمانانەی، كە شوێنپێی وشەی پرس وەرناگرێت، تەنیا دەچێتە شوێنی توخمەكانی تری ڕستەوە. (هێگمان) دابەشكارییەكی وردی لەنێوان شوێنپێی فرێزی ناوی NP-trace و شوێنپێی وشەی پرس WH-trace كردووە، ئێمە لێرەدا لە شێوەی خشتەیەكدا جیاوازییەكەیان دەخەینەڕوو:

| | *شوێنپێی فرێزی ناوی*<br>*NP-trace* | *شوێنپێی وشەی پرس*<br>*WH-trace* |
|---|---|---|
| *كەتیگۆری گواستراو*<br>*Moved category* | *فرێزی ناویNP* | *فرێزی گشتی(فرێزی ناوی، فرێزی پێشناو،هتد.)*<br>*XP (NP,PP,etc.)* |
| *شوێنی نیشتەجێ*<br>*Landing site* | *شوێنی A بە جێگرەوە*<br>*شوێنی فرێزی ناوی* | *شوێنی Ā بە جێگرەوە، یان پەیوەستكردن.*<br>*شوێنی دیاریكار یان فرێزی تەواوكەر، یان شوێنی پەیوەستبوون.* |
| *تایبەتمەندییەكانی پێشینە* | | |

| دۆخ | بەڵێ | نەخێر |
|---|---|---|
| زنجیرە | زنجیرە A | زنجیرە Ā |
| تایبەتمەندییەکانی شوێنپێ | | |
| فیچەرەکان | {+ئەنافۆر}<br>{- پرۆنامینال} | {- ئەنافۆر}<br>{- پرۆنامینال} |
| تیۆری بەستنەوە | A | C |
| ڕۆڵی سێتا | بەڵێ | بەڵێ |
| دۆخ | نەخێر | بەڵێ (کاتێک تارگێت= بە فرێزی ناوی NP |
| بەستنەوە | بەڵێ | بەڵێ |
| ئەو زمانەی وەریدەگرێت | کوردی و ئینگلیزی | ئینگلیزی |

(Heagman,1994, 440)

بەهۆی ئەم دابەشکارییەی هێگمانەوە، بەوردی دەتوانین لە جیاوازییەکەی نێوان شوێنپێی فرێزی ناوی و شوێنپێی وشەی پرس تێبگەین.


**٢) شوێنپێی فرێزی ناوی (NP-trace)**

لە تیۆریی بەرهەمهێنان و بەتایبەتی لە چوارچێوەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا، زاراوەی شوێنپێی فرێزی ناوی ئاماژەیە بۆ شوێنپێ (یان بۆشایی) فرێزیکی ناویی (NP)، کە لە ئەنجامی جووڵەی ڕستەسازیدا ڕوودەدات. ئەم شوێنپێیە نیشاندەری پێگەی سەرەکی فرێزی ناوییە، کە پێش لە جووڵەکە دەردەکەوێت؛ واتە سەرەتا لە پێکهاتەی ڕستەدا دەرکەوتووە، بەڵام دواتر گواستراوەتەوە بۆ شوێنێکی تر(Haegeman,1994:365). بۆ نموونە لە ڕستەی بکەر نادیار، یان ئەوەی ئێمە پێی دەڵێین ڕستەی "بەرزبوونەوە raising "، فرێزێکی ناوی لە پێگەی بەرکاردا بەرزدەکرێتەوە و لە پێگەی بکەردا دادەنرێت، بەڵام لە پێکهاتەی لۆژیکی و ڕستەسازیی ڕستەکەدا شوێنپێی دەمێنێتەوە، بۆ ئەوەی دەریبخات، کە پێشتر ئەو فرێزە لەو پێگەیەدا بووە. ئەم شوێنپێیە بە هێمای ( t) ئاماژەی پێ دەکرێت (دبیرمقدم،١٣٨٣، ١٢).

بەپێی گریمانەی کۆڤێت و نیلمان (2010)، شوێنپێی فرێزی ناوی ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەگێرێت لە جووڵەکانی A (جووڵەکان لە پێگەی ئارگیۆمێنتدا). ئەم بیرۆکەیە لەگەڵ تێڕوانینی چۆمسکی (١٩٨١)دا دەگونجێت، کە لە ڕستە نادیاردا بکەر لە شوێنی بەرکاری ڕستەی دیاردا دەگوازرێتەوە بۆ پێگەی بکەر و خاڵی بەتاڵ لە شوێنپێی سەرەکیی خۆیدا بەجێدەهێڵێت. هەروەها کارنی (٢٠١٣) پێی وایە هەموو بکەرەکانی ناو پێکهاتەی ڕستە لەو پێگەیەوە دەگوازرێنەوە، کە ڕۆڵی سێتایان ( (Θ-role) پێدەدرێت و بۆ پێگەیەکی دیاریکراو لە دەرەوەی فرێزی کاری (VP) دەگوازرێنەوە؛ ئەم شوێنە پێی دەوترێت Spec-IP یان Spec-TP).

مەبەست لە تیۆری سێتا ئەوەیە، کە جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کە چۆن کارەکان ڕۆڵی واتایی (ڕۆڵی سێتا) بۆ توخمە جیاوازەکانی ڕستەیەک دیاریدەکەن. لەم تیۆرەدا کارەکان ڕۆڵی واتایی ڕاستەوخۆ بۆ بەرکارەکان یان توخمەکانی ڕستەیەک کە لە ئارگیۆمێنتی ناوەکی (internal arguments) ڕستەکەدان، دیاریدەکەن. واتە لەم تیۆرییەدا ڕۆڵی واتایی ڕاستەوخۆ لەلایەن کارەکانەوە بۆ بەرکارەکان دیاریدەکرێت، کە ئارگیۆمێنتێکی ناوەکین. چۆمسکی ئەم جۆرە تەرخانکردنە بە تەرخانکردنی ڕاستەوخۆیی ڕۆڵی سێتا (Direct Theta-role Assignment)ناودەبات، چونکە بەرکارەکان بەشێکن لە تایبەتمەندییە سینتاکسی و واتایی کارەکان (Haegeman, 1994,642).

1) کتێبەکە خوێندرایەوە.




لەم ڕستەیەدا کاری "خوێندنەوە" لە فۆڕمی نادیاردا و "کتێب"ەکە بەرکارە لە فۆڕمی دیاردا، خراوتەڕوو و بەشێوی ڕستەی نادیار گواستراوەتەوە بۆ پێگەی بکەر. بەپێی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە، شوێنپێ لە پێگەی سەرەکیی بەرکار، کە "کتێب" لێیەوە گواستراوەتەوە، دەمێنێتەوە.

شوێنپێییەکان دوو مەرجیان لەسەرە: یان بەباشی بەسترابنەوە یان بسڕدرێنەوە. فرێزی ناوی "بە دروستی دەبەستێتەوە"، شوێنپێ کاتێک لە پێشیدێت و فەرمانی پێدەکات. لێرەوە هەر یاسایەکی دابەزین یان جووڵەی ڕاست، فرێزێکی ناوی لە شوێنێکدا دادەنێت، کە نەتوانێت بەباشی شوێنەواری خۆی ببەستێتەوە، بۆیە ئەو شوێنەوارە دەبێت بەجۆرێک لە جۆرەکان بسڕدرێتەوە. دەتوانرێت ئەمە بە بکەرنادیارەکان لە ڕستە و فرێزە ناوییەکاندا وێنابکرێت.

### 1-4 پرۆی بچووک - جێناوخەر (pro-drop) یان بکەری پووچ (null subject)

زاراوەی جێناوخەر (pro-drop) یان بکەری پووچ (null subject) ئاماژەیە بۆ تایبەتمەندییەکی ڕستەسازی لە هەندێک زماندا کە ڕێگە بە قسەکەر دەدات جێناوی بکەریی ڕستەیەک بسڕێتەوە بەبێ ئەوەی ڕستەکە لەڕووی ڕێزمانییەوە تووشی هەڵە بکات. ئەم دیاردەیە یەکێکە لە پارامێتەرە گرنگەکان لە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەی چۆمسکیدا، کە لەم ڕێگەیەوە دەکرێت زمانەکان بەپێی سڕینەوەی بکەرەکان پۆلێن بکرێن. ئەم باسە بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر بنەمای داتاکانی زمانە هیندۆ ئەورووپییەکان دامەزراوە. لە هەندێک لەو زمانانەدا، وەک کوردی، فارسی، ئیتاڵی و ئیسپانی، سیستەمی مۆرفۆلۆژیی کارەکە (بەتایبەت لە کەس و ژمارەدا) دەوڵەمەندە و بەڕوونی زانیارییەکانی بکەر لە گەردانی کاردا دیاریدەکات. هەر لەبەر ئەم هۆکارە، نەهێشتن و سڕینەوەی بکەر لە ڕستەیەکدا نابێتە هۆی کێشەی ڕێزمانی، چونکە گوێگر دەتوانێت لەڕووی گەردانی کارەوە تێبگات، کە بکەرەکە کێ بووە (راسخمهند،١٣٩٣، ٢٥١-٢٥٢). بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا:

1) هاتم.

(لەم ڕستەیەدا جێناوی "من" لابراوە، بەڵام کاری کۆتایی "-م" ئاماژەیە بۆ ئەوەی بکەرەکە "من"ە).

2) (من) بینیم.

(سڕینەوەی جێناوی "من" لەم ڕستەیەدا ڕێزمانییە و گوێگر دەتوانێت لە فۆڕمی کاری "من بینی" بکەرەکە بناسێت.)

3) (من) بینیم.

(لەم پێکهاتەیەدا دەکرێت هەم بکەر و هەم بەرکار بسڕدرێتەوە، چونکە کار ڕۆڵی ڕستەسازی دیاریدەکەن).

لە بەرامبەردا زمانەکانی وەک ئینگلیزی، هۆڵەندی و سویدی سیستەمێکی تاڕادەیەک سادەیان هەیە بۆ گەردانی کاری و بەبێ جێناوی بکەری، ڕۆڵەکان بەئاسانی جیاناکرێنەوە. بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا ناتوانین بڵێین:

4) چووە بۆ دوکانەکە (Went to the store).

(لەم ڕستەیەدا ئەگەر جێناوی "من" بسڕدرێتەوە، ڕستەکە ڕێزمانی نییە).

پارامێتەری جێناوخەر ڕێگەمان پێدەدات زمانەکان لەم ڕووەوە بەراوردبکەین. لەو زمانانەی ئەم پارامێتەرە چالاکە، پێکهاتە ڕستەسازییەکان ڕێگە بە سڕینەوەی جێناوەکان دەدەن و سیستەمی ئاماژەیی لە ڕستەکەدا بۆ نموونە (گەردانی کار یان ڕێزبەندی وشەکان) زانیاری بەس بۆ تێگەیشتن لە ڕستە دەدات (Radford, 2004,92). بۆیە زمانی کوردی لەگەڵ زمانەکانی وەک ئیتاڵی و ئیسپانی، وەک زمانێکی تەواو جێناوخەر پۆلێن دەکرێت؛ واتە جێهێشتن ، سڕینەوەی بکەر نەک هەر ڕێگەپێدراوە، بەڵکو ئاسایی و سروشتیشە. ئەم تایبەتمەندییە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بنیاتنانی ڕستە و تەنانەت تێگەیشتن لە ئاماژەی جێناو لە شیکارییەکانی ڕستەسازیدا هەیە، بەتایبەت لە تیۆرییە بەرهەمهێنان و پارامێتەرییەکاندا.

### 5-1 پرۆی گەورە (PRO)

ئەم زاراوەیە لە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا بۆ بکەرێک بەکاردێت، کە جێناوە و لە ڕستەیەکی چاوگیدا دەرنەبڕاوە (Crystal, 2003, 372). مەبەست لە ڕستەی چاوگی ئەو ڕستە تەواوکەرانە دەگرێتەوە، کە بێ کات و کەسن و لە شوێنی فرێزی ناوی بکەردا، فرێزێکی جێناوی بەتاڵیان هەیە، کە نە دەتوانرێت بەر دەسەڵات بکەون، نە دۆخی ڕێزمانی وەردەگرن (محەمەد مەحوی،2001، 18)، کە هەمیشە ئەو جێناوە بەتاڵە بە PROی کاپیتەل هێمای بۆ دەکرێت. لاڕستەی چاوگی لە زمانی کوردیدا نییە، چونکە هەموو لاڕستەکانی زمانی کوردی کات و کەسدارن، بۆیە بە بۆچوونی محەمەد مەحوی PRO لە زمانی کوردیدا نییە (مەحوی، 2001، 184) . لە تیۆری دەسەڵات و بەستنەوەدا لە پۆلینکردنەکانی فرێزی ناوی PRO وەک جێناو و ئەنافۆرەکان شیدەکرێتەوە، بەهۆی ئەو فرێزە ناوییەی لە لاڕستەی سەرەکیدایە کۆنترۆڵ دەکرێت. بڕوانە ئەم نموونەی خوارەوە:

John tried S' PRO to be a good teacher.

ڕستە تەواوکەرەکە (ڕستەی دوایS' ەکە) تەواوکەرێکی ناوی ڕستەی (چاوگی)یە، بەهۆی ئەو فرێزەS' کەوە، کە کەوتۆتە نێوان کارە سەرەکی و بکەرە بۆشەکە PRO، کارە سەرەکییەکە ناتوانێت دەسەڵاتی بەسەر بکەرەکە (PRO) بکات، بۆیە ناتوانێت لەناو ئەم پێکهاتەدا هیچ دۆخێکی ڕێزمانی بە (PRO) بدرێت (مەحوی،2001، 184). ئەو داواکارییەی نابێت لە ڕۆنانی سەرەوەدا (PRO) بکەوێتە بەر دەسەڵات، واتای ئەوەیە، کە ئەو دەکرێت تەنیا لەو هێڵکارییە دەربکەوێت، کە لە درەختی نموونەکەی خوارەوەدا پیشاندراوە، سەیری شوێنی PRO بکە، ئەم شوێنە ناکەوێتە ژێر دەسەڵات، چونکە کارەکە ناتوانێت دەسەڵاتی بەسەر بەرزترین جێکەوتە (CP)بکات، هەروەها ناشتوانێت کار لە (C)بێهێز بکات و کاریش لە(IP) بکات، بۆ ئەوەی بیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، لەبەرئەوەی ئەم شوێنە ناکەوێتە بەر دەسەڵات، بۆیە ناتوانێت دۆخەکە وەربگرێت، تەنها(PRO)دەتوانێت ئەو شوێنە پڕبکاتەوە، چونکە ئەگەر هەر فرێزێکی ناوی لەو شوێنەدا دابنرێت، ئەوا پێویستە دۆخی هەبێت.

PRO پرۆی گەورەش هەم ئەنافۆرە و هەم جێناویشە و پێویستە ڕەچاوی بنەمای (ا) و (ب)ی تیۆری بەستنەوە بکات، ئەمەش واتای ئەوەیە، کە PRO دەتوانێت لەناو کەتیگۆرییە حوکمکەرەکەی خۆیدا هەم بەستراوە بێت و هەم ئازاد بێت، ئەمەش جۆری نێواندژیەکی بۆ تیۆری بەستنەوە دروستدەکات، بەڵام ئەم مەرجە بە ڕاستەقینەیی بەدەرناکەوێت، چونکە PRO حوکم ناکرێت (Chomsky,1986,124).

### 6-1 جۆرەکانی ئەو زمانانەی جێناوخەرن

یەکێک لە هەوڵە هەرە گرنگەکان بۆ ڕوونکردنەوەی جیاوازی ئەگەری سڕینەوەی جێناوی بکەری لەنێوان زمانەکاندا دەگەڕێتەوە بۆ توێژینەوەکانی ڕیزی (1982). ئەو لە شیکارییەکەیدا دوو لایەن پێشنیاز دەکات بۆ دیاریکردنی جێناو لە زمانەکاندا: لایەنی یەکەم پەیوەندی بە ڕێگەپێدانی سڕینەوەی جێناوی بکەری هەیە (بکەری پووچnull subject)، لایەنی دووەمیش پەیوەندی بە بوونی یان نەبوونی پێکهاتەیەکی ئاماژەپێکراوی جێناوی پووچەوە هەیە. بەم پێیە دەکرێت زمانەکان بە پشتبەستن بە بەهاکانی ئەم دوو لایەنە بەسەر چوار بەش دابەش بکرێت، بەم شێوەیە:-

–لە هەندێک زماندا هەردوو لایەنەکە نەرێنین؛ واتە نە ڕێگە بە جێناوی پووچ دەدەن و نە ئاماژەیەکی گونجاوی بۆ دابین دەکەن. زمانەکانی وەک ئینگلیزی و فەرەنسی دەکەونە ئەم پۆلە. لەم زمانانەدا سڕینەوەی جێناوی بکەری ڕێگەپێدراو نییە.

–لە پۆلی دووەمدا هەردوو لایەنەکە ئەرێنین؛ واتە هەم سڕینەوەی جێناو ڕێگەپێدراوە و هەم میکانیزمی ڕستەسازی بۆ لێکدانەوە و ئاماژەی بۆ بەردەستە. زمانی ئیتاڵی و یۆنانی لەو زمانانەن، کە دەکەونە ئەم گروپە و بەتەواوەتی جێناوخەرن.

–رووپی سێیەم ئەو زمانانەن کە لایەنی یەکەمیان ئەرێنییە (سڕینەوەی جێناو ڕێگەپێدراوە)، بەڵام لایەنی دووەم نەرێنییە (سڕینەوەی جێناو ڕێگەپێنەدراوە). لەم زمانانەدا تەنیا جۆرێکی دیاریکراوی سڕینەوەی جێناو ڕێگەپێدراوە (بۆ نموونە سڕینەوەی جێناوی بکەری لە شوێنی ئارگیۆمێنتی پووچ). ئەڵمانی و جۆرەکانی زمانی هیندی سەر بە ئەم گروپەن.

–لە کۆتاییدا ئەو زمانانەی لایەنی یەکەمیان نەرێنی و لایەنی دووەمیان ئەرێنی بێت، ناتوانن ڕێگە بە جێناوی پووچ بدەن، چونکە ئەگەر زمانێک ڕێگە بە سڕینەوەی جێناوی بکەری نەدات، بە هیچ شێوەیەک ناتوانێت پێکهاتەیەک بۆ ئاماژەکردنەکەی دابین بکات.ئەم شیکارییە بۆ تێگەیشتنێکی باشتر لە جۆراجۆریی زمانەکان لە دیاردەی جێناوخەریدا بەسوودە و پۆلێنکردنی سیستماتیکی زمانەکانی لەسەر ئەم تایبەتمەندیی داڕێژراوە (Rizzi, 1982, 143–145).

## 7-1 جیاوازی نێوان شوێنپێ و پڕۆ

شوێنپێ و پڕۆ لەگەڵ ئەوەی لەیەکتری جیاوازن، بەڵام دەکرێت بڵێین چەند خاڵێکی هاوبەش لەنێوانیاندا هەیە، لە سەرەتادا ئاماژە بە خاڵە هاوبەشەکانیان دەکەین.

خاڵی هاوبەشی نێوان شوێنپێ و پڕۆ بریتین لەمانە:

١–شوێنپێ و پڕۆ هیچ دەربڕاوێکی فۆنەتیکییان نییە.

٢–هەردووکیان دەکەونە چوارچێوەی کەرەستە بەتاڵەکانەوە.

٣– لە ڕستەدا ئاماژە بۆ کەرەستەکانی پێش خۆیان دەکەن.

٤–ئەنافۆر و جێناوەکان ڕۆڵێکی سەرەکی لە دروستبوونیاندا دەبینن.

٥– لە زمانی کوردیدا شوێنپێی وشەی پرسیار و پڕۆی گەورە بوونیان نییە.

جیاوازییەکانی نێوان شوێنپێ و پڕۆ بریتین لە:

١– شوێنپێ دەبێتە دوو جۆر، ئەوانیش بریتین لە (شوینپێی فرێزی ناوی و شوێنپێ وشەی پرس)، لە هەمان کاتدا پڕۆش دەبێتە دوو جۆر، ئەوانیش بریتین لە ( پڕۆی گەورە و پڕۆی بچووک).

٢–شوێنپێ لەدوای خۆیەوە نیشانەیەک بەجێدەهێڵێت، کە بە (t)، نیشانە دەکرێت، کەچی پڕۆ هیچ ئاماژە و نیشانەیەک لەدوای خۆیەوە جێناهێڵێت.

٣– شوێنپێ پەیوەستە بە جووڵەوە، بەڵام پڕۆ پەیوەست نییە بە هیچ جووڵەیەکەوە.

٤–شوێنپێی دەکەوێتە ژێر کاریگەری تیۆری بەستنەوە و دەبێت بە کەرەستەی ئاماژەبۆکراوی پێش خۆی ببەسترێتەوە، کەچی پڕۆ بە کەرەستەی پێش خۆی نابەسترێتەوە و ناکەوێتە ژێر کاریگەری تیۆری بەستنەوە، بەڵکوو ئازادە.

بۆ نموونە:

ڕستەی: "مامۆستا پرسیاری ئەوەی کرد، کە کام قوتابی ڕاهێنانەکەی ناردووە."

وشەی پرسیار "کام قوتابی" لە ئاستی ڕووکەشدا واتە پێکهاتەی ڕستەکەدا وەک بەرکار دەرکەوتووە هەیە و دوای جووڵە دەگوازرێتەوە بۆ سەرەتای ڕستەکە.

شوێنی سەرەتایی بە نیشانەی t دیاری دیاری دەکرێت کە ئاماژەیە بۆ کۆپیکردن. تایبتمەندیەکانی ئەوەیە کە پەیوەندی بە جووڵەوە هەیە. شوێنی کۆپیکراوی سەرەکی بە t نیشانە کراوە. ئاماژەیە بۆ بەرکاری ڕستەی پێشوو. دەکرێ لەم هێڵکاری خوارەوە ڕوونی بکەینەوە:

```
CP
├──── Spec "کام قوتابی" :(وشە پرسیار)"
│       └── t (کۆپی لە شوێنی سەرەکی)
├──── C': "کە"
├──── TP
│     ├──── Spec: Pro (بکەری شاراوە: Ø)
│     ├──── T: "ناردووە"
│     └──── VP
│           ├──── V: "ناردووە"
│           └──── Obj: "ڕاهێنان"
```

یان سەیری ئەم نموونەیە بکەن:

ڕستە: "Ø دەبوو خۆی بۆ کۆبوونەوەکە ئامادە بکردایە."

شوێنی بەتاڵی "Ø" هەمان شوێنی Pro ە کە ئاماژەیە بۆ بکەری ئاماژەپێکراو بۆ نموونە ( "شاهۆ").

هیچ نیشانەیەکی خودی نییە و پەیوەندی بە هیچ جووڵەیەکی ڕستەسازییەوە نییە. تایبەتمەندیەکانی بەبێ نیشانەی t یە. ئازادە و بە توخمەکەی پێش خۆیەوە نەبەســـتراوەتەوە. تەنیا واتا و ڕۆڵی بکەرەکە دەگەیەنێت. لەم هێڵکارییە ڕوونی دەکەینەوە:

```
TP
├──── Spec: Pro (بکەری بەتاڵ: Ø)
├──── T':
│     ├──── T: "دەبوو"
│     └──── VP
│           ├──── PP: "بۆ کۆبوونەوەکە "
│           └──── V': "ئامادە بکردایە "
```

بەگشــتی پوختە تیۆری کۆپی: ئەو توخمەی، کە جووڵەی ئاشــکرای هەیە، شــوێنی ڕەســەن دیاری کراوە و t ی هەیە.

تیۆری پرۆ: توخمە بەتاڵە ئازادەکە، بێ جووڵە و بێ نیشانە، تەنیا ڕۆڵێکی واتایی نیشان دەدات.

شوێنپێی وشەی پرس: وەک لەم نموونەیەدا ڕوونی دەکەینەوە:

"I wondered $who_i$ John kissed $t_i$"

ئەمە شوێنپێی وشەی (wh)ە، شوێنی وشەی "who" لەدوای وشەی "kissed"ەوە بووە، کە بە ($t_i$) ئاماژەی بە شوێنی سەرەتای وشەکەی کردووە

شوێنپێی وشەی پرس لە زمانی کوردیدا نییە و هیچ شوێنپێیەک لەدوای وشەی پرسەوە بەجێنامێنێت.

– قوتابی وانە دەخوێنێت.

– کێ وانە دەخوێنێت؟

قوتابی چی دەخوێنێت؟

لەم نموونانەدا هەریەکە لە وشە پرسەکان، شوێنی فرێزە ناوییەکان دەگرنەوە و شوێنەوار دروستناکەن. وشە پرسەکانی (کێ و چی) شوێنی فرێزی ناوی (قوتابی) و (وانە)یان گرتووە.

| جیاوازی Diffrence | شوێنپێی Trace | پڕۆ Pro |
| --- | --- | --- |
| جۆرەکەی | شوێنپێی فرێزی ناوی NP-Trace<br>شوێنپێی وشەی پرس Wh-Trace | پڕۆی گەورە PRO<br>پڕۆی بچووک Pro |
| نیشانەبۆکراو | شوێنپێ نیشانەیەک بەجێدەهێڵێت، کە بە (t) نیشانە دەکرێت. | هیچ نیشانەیەک لەدوای خۆیەوە بەجێناهێڵێت. |
| جووڵە Movement | شوینپێ پەیوەستە بە جووڵەوە. | پڕۆ پەیوەست نییە بە جووڵەوە. |
| بەستنەوە Binding | شوێنپێ دەکەوێتە ژێر کاریگەری تیۆری بەستنەوەوە. | پڕۆ ناکەوێتە ژێر کاریگەری تیۆری بەستنەوەوە. |
| وەرگرتنی ئەنافۆڕ Anahpor | شوێنپێی فریزی ناوی ئەنافۆڕ وەردەگرێت.<br>+ ئەنافۆڕ.<br>شوێنپێی وشەی پرس ئەنافۆڕ وەرناگرێت.<br>-ئەنافۆڕ. | پڕۆی گەورە ئەنافۆڕ وەردەگرێت. + ئەنافۆڕ.<br>پڕۆی بچووک ئەنافۆڕ وەرناگرێت. – ئەنافۆڕ. |
| وەرگرتنی جێناو pronominal | هیچ کام لە شوێنپێی فرێزی ناوی و شوێنپێی وشەی پرس، جێناو وەرناگرن.<br>– جێناو | پڕۆی گەورە و بچووک جێناو وەردەگرن.<br>+ جێناو |
| دەرکەوتن لە زمانی کوردیدا | شوێنپێی فرێزی ناوی لە زمانی کوردیدا دەردەکەوێت. | پڕۆی بچووک لە زمانی کوردیدا دەردەکەوێت. |
| دەرنەکەوتن لە زمانی کوردیدا | شوێنپێی وشەی پرس لە زمانی کوردیدا دەرناکەوێت. | پڕۆی گەورە لە زمانی کوردیدا دەرناکەوێت. |

### – کاریگەری شوێنپێ لەسەر جۆرەکانی ڕستە

### 1-2 شوێنپێ لە ڕستەی سادەدا:

ڕستەی سادە یەکێکە لە بنەڕەتیترین پێکهاتە ڕستەسازییەکانی ناو زمان، هەروەها ڕۆڵێکی گرنگی لە فێرکردن و شیکردنەوەی زماندا هەیە. "بەو ڕستانە دەوترێت، کە لە یەک ڕستە پێکدێن، یاخود بەو ڕستانە دەگوترێت، کە تەنیا کارێکیان تێدایە، یاخود بەو ڕستانە دەوترێت، کە لە ڕەگی کار و پێویستییەکانی پێکدێت، کەواتە ڕستەی سادە ڕستەیەکە تەنیا کارێکی تێدا ئەنجام دەدرێت(خۆشناو، ٢٠١٧، ٥٤)، ئەم جۆرە ڕستەیە تەنیا لە یەک پاراگرافی سەربەخۆ پێکدێت؛ واتە بکەر و گوزارەیەک لەخۆدەگرێت (زیاتر کردار و پێکهاتەکانی تری ڕستە لەخۆدەگرێت) و دەتوانێت بیرکردنەوەیەکی تەواو یان پەیامێکی تەواو لەسەر خۆی بگەیەنێت. ڕستەیەکی سادە هیچ ڕستیلەیەکی ژێردەستەی نییە، هیچ پەیوەندییەکی ژێردەستەی نییە و هیچ پێکهاتەیەکی ڕستەسازی ئاڵۆزی نییە. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی بۆ فێرخوازانی زمان لە قۆناغە سەرەتاییەکانی فێربووندا زۆر گرنگە. بۆ نموونە ڕستەی "منداڵەکە خەوتووە" بە ڕستەیەکی سادە دادەنرێت. لەم ڕستەیەدا "منداڵ" ڕۆڵی بکەر دەگێڕێت و "خەوتووە"

ئەو گوزارەیە، کە کاری ڕستەکە پێکدەهێنێت. ئەم ڕستەیە لەڕووی ڕێزمانییەوە تەواوە و پێویستی بە زانیاری و رستیلەی زیادە نییە بۆ تێگەیشتن لە واتا. لە زمانەوانیدا هەندێک جار زاراوەی "ڕستە" و "ڕستیلە" بە شێوەیەکی گۆڕاو بەکاردەهێنرێن، بەتایبەتی کاتێک ڕستەکە تەنها لە یەک ڕستیلە پێکدێت. هەربۆیە لە ڕستەیەکی سادەدا لە یەک دانە ڕستیلە پێکهاتووە، سنووری پێکهاتەکانیان لەیەک دەچن. بەو پێیەی سنووره پێکهاتەییەکانیان لەیەکتر دەچن. ڕستەی سادەش بنەمای بنیاتنانی ڕستەی ئاڵۆزترن؛ بەو مانایەی دەتوانرێت چەند ڕستەیەکی سادە کۆبکرێنەوە و بەهاوکاریئامراز بۆ دروستکردنی ڕستەی ئاوێتە یان ئاڵۆز. بۆیە تێگەیشتنێکی ورد لە ڕستەی سادە خاڵی دەستپێکی تێگەیشتنێکی قووڵترە لە ڕستەسازی زمانێک (Luraghi & Parodi, 2008, 170).

لە ڕستەی سادەدا هەروەکو لەسەرەوەش ئاماژەی پێدرا، کاریگەری شوێنپێ تەنیا بەسەر فرێزە ناوییەکاندا لە ڕستەدا دێت، هەر لەبەر ئەمەشە دەکرێت بەپێی ڕێژەی فرێزە ناوییەکانی ڕستەوە کاریگەری شوێنپێ لە سنووری ڕستەدا ببینین.

- من ئەوم بینی.

- من(t)، ئەوم بینی.

لەم ڕستەیەدا کاریگەری شوێنپێ بەسەر بکەری ڕستەکەوە دیارە، بەهۆی جووڵانی جێناوی کەسی سەربەخۆی(من) و لکانی بە بەرکاری ڕستەکە و بەجێهێشتنی شوێنپێ، کە بە (t) نیشانکراوە، واتە بۆ بکەری ڕستەکە و جێهێشتنی شوێنپێ، ئەگەر بەرکار لە ڕستەدا هەبێت، ئەوا ڕاستەوخۆ بە بەرکاری ڕستەکەوە دەلکێت. هەروەک لەم نموونەیەدا ئاماژەمان پێداوە:

-(ئەو)،من (t) بینیم.

لێرەدا شوێنپێ کاریگەری بەسەر بەرکاری ڕستەکەوە بەجێهێشتووە.

- (من ، ئەو)، بینیم.

(i)، (j)

لێرەدا کاریگەری شوێنپێ کەوتووەتە سەر هەردوو کەرەستە سەرەکییەکەی ڕستەکە، کە بریتین لە بکەر و بەرکاری ڕستەکە، کەواتە لەم ڕستەیەدا دوو شوێنپێ هەیە و یەکێکیان بە(i,j) نیشانکراون.

کاتێک بکەر و بەرکاری ڕستەکە بەیەکەوە دەجووڵێن و شوێنپێ بەجێدەهێڵن، شێوەی جێناوی لکاو وەردەگرن و بە کاری ڕستەکەوە دەلکێن، لەبەر ئەوەی دوو شوێنپێ لە ڕستەکەدا هەیە و دەبێت بە دوو هێمای جیاوازیش نیشانبکرێن و تێکەڵی یەکتری نەبن، بۆ بکەر نیشانەی (i) و بۆ بەرکاریش نیشانەی (j) دادەنرێت، هەروەک لەم نموونەیەی سەرەوەدا ئاماژەمان پێکردووە.

- (ئەو، من) سەری خواردم.

لێرەدا هەریەکە لە بکەری ڕستەکە و دیارخەری ڕستەکە، کەوتوونەتە ژێر کاریگەری تیۆری شوێنپێوە، (ئەو) بکەری ڕستەکەیە و بە(i)، نیشاندەکرێت و دیارخەری ڕستەکەش، کە بریتییە لە (من)، بە (j)، نیشاندەکرێت. بۆیەش بەم شێوەیە نیشان دەکرێن، بۆ ئەوەی تێکەڵی یەکتر نەبن و بناسرێنەوە.

لە ڕستەی سادەدا هەروەکو لەسەرەوەش ئاماژەمان پێدا، کاریگەری شوێنپێ تەنیا بەسەر فرێزە ناوییەکاندا لە ڕستەدا دێت، هەر لەبەر ئەمەشە دەکرێت بەپێی ڕێژەی فرێزە ناوییەکانی ڕستەوە، کاریگەری شوێنپێ لە سنووری ڕستەدا ببینین.

### 2-2 شوێنپێ لە ڕستەی لێکدراودا:

ڕستەی لێکدراو ڕستەیەکە لە دوو یان زیاتر لە ڕستیلەیەکی سەربەخۆ پێکدێت، زیاتر بە ئامرازی پەیوەندی (وەک "و"، "بەڵام" "یان") یەکدەگرنەوە. بەو پێیەی هیچ کام لە ڕستیلەکانی ناو ڕستەیەکی لێکدراو ژێردەستەی ئەوی دیکە نین (Bussmann, 2006, 223). تیۆری شوێنپێ زیاتر بۆ ئەم جۆرە پێکهاتانە بەکارناهێنرێت؛ تیۆری شوێنپێ زیاتر لەو پێکهاتانەدا بەکاردەهێنرێت، کە جووڵەی ڕستەسازی لەخۆدەگرێت، وەک ڕستەی ئاڵۆز یان ڕستەی لێکۆڵینەوە، کە تێیدا

توخمێکی ڕستەسازی لە شوێنی سەرەتایی خۆیەوە دەجوولێت و شوێنپێی خۆی بەجێدەهێڵێت، بەڵام ئەگەر یەکێک لە برگەکانی ناو ڕستەیەکی لێکدراو پێکهاتەیەکی ئاڵۆزتری هەبێت، وەک جێگۆڕکێی بەرکار یان سڕینەوەی بکەر، دەتوانرێت ئامرازەکانی دەسەڵات و بەستنەوە، لەوانەش تیۆری شوێنپێ، بۆ شیکردنەوەی بەکاربهێنرێت. ڕستەی لێکدراو بریتییە لە دوو ڕستەی واتاداری سەربەخۆ یان زیاتر، کە بەهۆی ئامرازی لێکدەرەوە دروست دەبێت ((ڕستەی لێکدراو ئەو ڕستەیەیە، کە لە دوو ڕستە یان زێتر پێکهاتبێت، بەهۆی ئامرازی لێکدەرەوە، ئەو ڕستانەی بەشداری ڕستەی لێکدراو دەکەن، لە هەمان بار و ڕادەی سینتاکسیدان و خاوەنی هەمان پلەی سەربەخۆیین)) (موکریانی،٢٠٢٢، ٦٠).

کاریگەری تیۆری شوێنپێ لەسەر ڕستەی لێکدراو بەمشێوەیە دروستدەبێت:-

- من ئەوانم نارد و ئەوان نامەکەیان گەیاند.
- من (i) ناردمن و ئەوان (j) گەیاندیان.

لەم ڕستە لێکدراوەدا کاریگەری شوێنپێ بەسەر هەردوو بەرکاری ڕستەکەدا دەرکەوتووە، کە بریتین لە (ئەوان و نامەکە)، لێرەدا کاریگەری شوێنپێ لە ڕستەی لێکدراودا بەسەر هەردوو بەرکاری ڕستەکەدایە، ئەگەر بمانەوێت کاریگەری شوێنپێ بەسەر بکەری ڕستەکەدا دەربخەین، ئەوا بەمجۆرەی لێدێت.

- من ئەوانم نارد و ئەوان نامەکەیان گەیاند.
- من، (i)ئەوانم نارد و ئەوان، (i)نامەکەیان گەیاند.

لەم ڕستەیەدا کاریگەری شوێنپێ بەسەر بکەری ڕستە لێکدراوەکەدا دەرکەوتووە.

## 3-2 کاریگەری شوێنپێ لەسەر ڕستەی ئاڵۆزدا

لە زمانی کوردی جگە لە زاراوەی ڕستەی ئاڵۆز، ئەوا زاراوەکانی (ڕستەی تێکەڵ، ڕستەی ئاوێتە) بەکاردێت، کە هەمان مەبەست دەگەیەنن، بە جۆرێک ڕستەی ئاڵۆز ئەو ڕستەیەیە، کە لە ڕستەیەک یان زیاتر پێکدێت و بەهۆی ئامرازی لێکدەر دروست دەبێت و ئەم دوو ڕستەیە دەکەونە پاڵ یەک و ڕستەیەکی ئاڵۆز دروست دەکەن، لەم جۆرە ڕستەیەدا هەردوو ڕستەکە هەمان پلەی ڕێزمانییان نییە(خۆشناو،٢٠١٧، ٥٩).

یان ((ڕستەی تێکەڵ بە تێکەڵبوونی دوو ڕستە لەڕووی داڕشتنی سینتاکسییەوە جیاواز دەگوترێت، کە یەکێکیان سەرەکییە و ئەوی دییان ڕستەی شوێنکەوتووی ڕستە سەرەکییەکەیە)) (موکریانی:٢٠٢٢، ٦٤). کاریگەری شوێنپێ لەسەر ڕستەی ئاڵۆزدا بەمشێوەیە دەردەکەوێت؛ کاتێک دەربارەی ڕستەی ئاڵۆز و تێکەڵبوونی ڕستەکانیان دەدوێین، واتە بوونی دوو بەشی گرنگی ڕستەکە، کە ئەوانیش بریتین لە پاڕستە و شاڕستە.

شاڕستە بەشە سەرەکییەکەی ڕستەیە و کاریگەری بەسەر بەشی پارستەوە بەجێدەهێڵێت.

پاڕستە بەشە لاوەکییەکەی ئەم جۆرە ڕستەیە و دەکەوێتە ژێر کاریگەری شاڕستەوە.

- کە من نانم خوارد، وانەکانم نووسی.

بەشی پاڕستەی ڕستەکە کەوتووەتە ژێر کاریگەری شاڕستەی ڕستەکەوە.

- کە (من)(i) نانم خوارد، (i)وانەکانم نووسی.

پاڕستە شاڕستە

کاریگەری شوێنپێی ڕستەی شاڕستە بەسەر شوێنپێی ڕستەی پاڕستەوە هەیە.

کاریگەری شوێنپێ لەم ڕستە ئاڵۆزەدا لەسەر بکەری ڕستەکە دەرکەوتووە و بە نیشانەی(t) نیشانکراوە.

- دێمەوە لای تۆ، ئەگەر مەرگ ڕێگەیدا.

(من) دێمەوە لای تۆ،

لە بەشی سەرەکی ڕستەکەدا، کە شاڕستەیە، بکەری ڕستەکە ڕاستەوخۆ بە کارەکەوە لکاوە، چونکە کارەکە تێنەپەڕە و بەرکار نییە، بە نیشانەی (t) شوێنپێ نیشاندەکرێت.

ئەگەر هەمان ڕستە دیارخەری ڕستەکە، کە (تۆ) بجوولێنین، ئەوا دەبێتە دوو جووڵە و دوو شوێنپێ دەبێت لە

ڕستەکەدا، نموونەکە بەمجۆرەی لێدێت:

- دێمەوە لات، ئەگەر مەرگ ڕێگەیدا.

هەریەکە لە بکەر و دیارخەری ڕستەکە بەمجۆرەیان لێدێت، بکەری ڕستەکە بە (کار) و دیارخەری ڕستەکەش بە (دیارخراوی) ڕستەکەوە لکاون.

دێمەوە، لات.

(j ,i) کەواتە ئەگەر دوو شوێنپێ هەبێت، دەبێت دوو نیشانە و هێمای جیاوازیش لە ڕستەکەدا هەبن، بۆ ئەوەی تێکەڵی یەکتری نەبن و شوێنپێیەکان بناسرێنەوە.

**کاریگەری شوێنپێ بەسەر جۆرەکانی ڕستەوە لەڕووی ناوەڕۆکەوە:**

ڕستەکانی زمانی کوردی لەڕووی ناوەڕۆکەوە لە چوارچێوەی چوار مەبەست و ناوەڕۆکی جیاوازەوە دەسووڕێنەوە، کە ئەوانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- رستەی هەواڵگەیاندن.

٢- رستەی پرسیاری؟

٣-ڕستەی فەرماندان.

٤-ڕستەی سەرسوڕمان!

ئەوانیش لە ڕستەدا بەپێی مەبەست و داواکارییەکانیان هێمای زمانییان بۆ دادەنرێت، کە هێماکانیش بریتین لە (.، ؟، !)، هێمای ڕستەی هەواڵگەیاندن و ڕستەی فەرماندان وەکیەکن.

لێرەدا شوێنپێ بەسەر جۆرەکانی ڕستەی زمانی کوردی لەڕووی ناوەڕۆکەوە شیدەکەینەوە، هەموو جۆرەکانی ناوەڕۆکی ڕستەی زمانی کوردی دەکەونە ژێر جووڵە و شوێنپێیەک لەدوای خۆیانەوە بەجێ دەهێڵن، جگە لە ڕستەی (پرسیاری) نەبێت، کە تەوەرەکانی پێشەوە، بەپێی بۆچوونەکانی هەریەکە لە (د. محەممەد مەحوی و د.ڤیان حاجی) ڕوونمانکردەوە، کە شوێنپێ وەرناگرن.

**4-2 شوێنپێ لە ڕستەی هەواڵگەیاندندا:**

جۆرێکە لە دەربڕینەکانی ناوەڕۆکی ڕستەی زمانی کوردی و مەبەست و هەواڵێک دەگەیەنێت ((بەو ڕستانە دەگوترێت، کە قسەکەر زانیاری و هەواڵ دەگەیەنێت و باسی دەوروبەری خۆی دەکات، واتە لە ڕستەی هەواڵگەیاندندا قسەکەر سەرچاوەی زانین و زانیارییە)) (خۆشناو، ٢٠١٧: ٣٣)

من لە دووری تۆ مردووم → [NP من] [VP [PP لە دووری تۆ] مردووم]

ئەم ڕستەیە هەواڵگەیاندنە و قسەکەر ڕووی کردووەتە گوێگر و هەواڵی مردنی خۆی پێدەدات لە دووری ئەو.

-(من) (t) لە دووری تۆ مردووم.

- ئەو ماستاوی باشدەکات → [NP ئەو] [VP ماستاوی باشدەکات]

- (ئەو) (t) ماستاوی باشدەکات.

- پێم دەڵێن مەحبووبە خێڵ و قیچە مەیلی شەڕ دەکا

خێڵ و قیچە یا تەرازووی نازی نەختێ سەر دەکا

لەم نموونەیەدا دەکرێت ڕستە شوێنپێیەکان دەربهێنین و شوێنپێیەکانیان نیشان بدەین.

(ئەوان، من) پێم دەڵێن.

(j) (i)

(ئەو) (t) مەیلی شەڕ دەکا.

**5-2 شوێنپێ لە ڕستەی فەرماندانداا**

لەمجۆرەی ڕستەیەدا قسەکەر ڕوودەکاتە کەسی دووەمی تاک و کۆ بۆ ئەنجامدان یان ئەنجامنەدانی کارێک ((بەو ڕستانە دەوترێت، کە کەسی یەکەم واتە (قسەکەر) داوا لە کەسی دووەم، (گوێگر) دەکات، کارێک ئەنجامبدات یان

ئەنجامنەدات)) (خۆشناو، ٢٠١٧، ٣٩). واتە کەسی دووەم پابەندی فەرمان و داخوازییەکانی کەسی یەکەم دەبێت.
کاریگەری شوێنپێ لە ڕستەی فەرماندانداا بەمجۆرە دەردەکەوێت:
- مەژی بۆ مردن، بمرە بۆ ژیان.
لەم دێڕە شیعرەدا شوێنپێیەکانی هەریەکە لە ڕستەکان بەمجۆرە شیدەکرێنەوە.
(تۆ) (t) مەژی بۆ مردن.
(تۆ) (t) بمرە بۆ ژیان.
لەم ڕستانەدا جێناوی سەربەخۆی(تۆ)، جوولاوە و شوێنپێی لەدوای خۆیەوە بەجێهێشتووە.
- دوور بە لەو کەسەی لە ئەدەب دوورە.
(تۆ)(t) دووربە لەو کەسەی لە ئەدەب دوورە.
- بڕوانە ڕەنگی زەردم.
(تۆ(i)، من(j)) بڕوانە ڕەنگی زەردم.
لەم دێڕە شیعرەدا دوو شوێنپێ هەیە، بۆیە دەبێت بە دوو نیشانەی جیاواز بۆ جیاکردنەوە نیشانبکرێن.

### 6-2 شوێنپێ لە ڕستەی سەرسوڕماندا:

ڕستەی سەرسوڕمان دەربڕینێکی سەرسوڕمانییە، کاتێک کەسێک دیمەنێکی خۆش یان حاڵەتێکی ناخۆشی ڕووبەڕووی دەبێتەوە ((بەو ڕستانە دەوترێت، کە قسەکەر هەستی خۆی بەرانبەر دەوروبەری دەردەبڕێت، ئەم هەست دەربڕینەش، یان بۆ حاڵەتی خۆشییە یان بۆ ناخۆشی)) (خۆشناو، ٢٠١٧، ٤٥). لە ڕستەی سەرسوڕمانیشدا پێویستە هێمای (!) لە ڕستەکەدا هەبێ.
- ئۆخەی! من بە تۆ شادبوومەوە.
ئۆخەی! پێت شادبوومەوە.
(من (i)، تۆ(j)) لەم ڕستەیەدا دوو کەرەستەی ڕستەکە جوولاون، کە بریتین لە بکەر و بەرکاری ناڕاستەوخۆ، شوێنپێیان لەدوای خۆیانەوە بەجێهێشتووە.
- ئای! چەند خۆشە هاتم بۆ لای تۆ.
دوو شوێنپێ و دوو کەرەستەی جوولاو (بکەر، دیارخەر)
- بمرم بۆت ئەی دڵ، (t) شکانت چەند بە ئازارە!
-(من(i)،تۆ(j)) بمرم بۆت ئەی دڵ.
لەم نموونەی دوو شوێنپێ هەیە، بۆیە بە دوو نیشانەی جیاوازی شوێنپێ ئاماژەیان بۆ دەکرێت.
-(دڵ،تۆ(t)) شکانت چەند بەئازارە.
لەم نموونەیەش یەک شوێنپێ هەیە و بە نیشانەی (t) شوێنپێ نیشاندەکرێت.
جۆرەکانی ڕستە (سادە، لێکدراو، ئاڵۆز و لێکدراو-ئاڵۆز) لەگەڵ تایبەتمەندییە ڕستەسازییەکانیان و پەیوەندییان بە تیۆری شوێنپێ لە چوارچێوەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە (GB)دا خراوەتەڕوو:

| جۆری ڕستە | پێناسە | نموونە | پەیوەندییان بە تیۆری شوێنپێ |
|---|---|---|---|
| **ڕستەی سادە** | بریتییە لە ڕستیلەیەکی سەربەخۆ | هاوژین کتێبێکی خوێندەوە | جووڵەی ڕستەسازی لەخۆناگرێت، بۆیە شوێنپێ لەم جۆرە ڕستەیەدا نابینرێت، تەنها لە سڕینەوەی بکەر (پرۆ) لە زمانە بکەرخراوەکاندا نەبێت. |
| **ڕستەی** | چەندین ڕستیلەی سەربەخۆ، | هاوژین کتێبێکی | بەو پێیەی جووڵەی ڕستەسازی زیاتر |

| | | | |
|---|---|---|---|
| لەنێوان ڕستیلە سەربەخۆکاندا ڕوونادات، تیۆری شوێنپێ بۆ ئەم پێکهاتانە ناگونجێت. | خوێندەوە و ژێنەر خەوی لێکەوت. | کە بە ئامرازی لێکدەر بەیەکەوە گرێدراون (وەک "و"، "بەڵام") | **لێکدراو** |
| لە ڕستیلەیەکی ناسەربەخۆدا، ئەگەری جووڵەی بکەر یان بەرکار هەیە، کە بۆشاییەک بەجێدەهێڵێت (بۆ نموونە NP- trace یان Wh-trace). | هاوژین گوتی، کە ژێنەر کتێبێکی خوێندەوە. | ڕستیلەیەکی سەربەخۆ لەگەڵ ڕستیلەیەکی ناسەربەخۆ | **ڕستەی ئاڵۆز** |
| دەکرێت بە تیۆری شوێنپێ هەندێک ڕستیلە ناسەربەخۆ شیبکرێتەوە، ئەمەش بەندە بە جۆری جووڵەی ڕستەسازی لەناو ئەو ڕستیلانەدا. | هاوژین وتی ژێنەر خەوتووە و هاوڕێ هات | تێکەڵاوێک لە ڕستیلەیەکی سەربەخۆ لەگەڵ ڕستیلەیەکی ناسەربەخۆ | **ڕستەی** لێکدراو- ئاڵۆز |

تیۆری شوێنپێ بەشێوەیەکی سەرەکی لە ڕستە ئاڵۆزەکان یان ڕستیلە ناسەربەخۆوەکان پێکدێت، کە توخمە ڕستەسازییەکانی وەک بکەر، بەرکار یان پرسیار لە پێگەی بنەڕەتی خۆیانەوە دەجووڵێنەوە. لە ڕستەی سادە یان لێکدراوەکاندا، جگە لە دۆخە تایبەتەکان (وەک سڕینەوەی بکەر لە زمانە جێناوە بکەرخراوەکاندا)، شوێنپێ هەبوونی نییە.

**ئەنجام:**

ئەم توێژینەوە ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە زمانی کوردی بەشێوەیەکی سیستماتیکی پێکهاتەی شوێنپێی وەک NP- trace، Wh-trace و PRO بەکاردەهێنێت کە لەم خاڵانەی خوارەوە دەخرێتە ڕوو:

1)شیکاری درەختی ڕستەکان نیشان دەدات زمان لەگەڵ زۆرێک لە بنەماکانی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە (GB) یەکدەگرێتەوە، بەتایبەت لە دۆخەکانی وەک سڕینەوەی جێناوی بکەری و جووڵەی پێکهاتەی پرسیارکەر.

2)دەسکەوتەکانی توێژینەوەکە ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە، کە زمانی کوردی هەندێک توانای پارامێتەری هەیە لەنێوان زمانەکانی جێناوخەر(pro-drop) جێگیر دەبن. واتە لە زمانی کوردیدا بەتایبەتی لە (کرمانجی ناوەڕاست) بکەری ڕستەیەک دەکرێت لاببرێت و تەنها لە واتای ڕستەکە لە جێناوەکە تێبگەین. بۆ نموونە " لێرە نەماون". مەبەست جێناوی "ئەوانە".

3)جگە لەوەش، دەستنیشانکردنی جۆرەکانی شوێنپێ لە زمانی کوردیدا دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ باشتر تێگەیشتن لە میکانیزمە ڕستەسازییە ناوخۆییەکانی و بەکارهێنانی لە فێرکاریی و پەروەردەدا. باس لەوە دەکات لە زمانەکانی وەک کوردیدا، سڕینەوەی بکەر (جێناو) سروشتییە و خوێندکار دەبێت فێربێت، کە چۆن واتا لە ڕێگەی کۆنتێکسی ڕستەکەوە دەگوازرێتەوە، تەنانەت ئەگەر بکەرەکەی ئاشکراش نەبێت. لە بەرانبەردا تیۆری کۆپی ڕوونی دەکاتەوە لە جووڵەی ڕستەسازیدا، وەک گواستنەوەی وشەی پرسیار، شوێنی توخمە گواستراوەکە وەک کۆپییەک لە پێکهاتەکەدا دەمێنێتەوە. ئەمە لە فێرکردنی زماندا گرنگە، چونکە خوێندکار دەتوانێت تێبگات بۆچی لە هەندێک زماندا پێگەی سەرەتایی وشەی پرسیار بە بەتاڵی دەردەکەوێت، بەڵام لە ڕاستیدا گواستنەوە یان کۆپییەکەی لە پێکهاتەی ڕستەسازیدا ئامادەیە. بەم شێوەیە، بە ڕوونکردنەوەی جیاوازییە بنەڕەتییەکانی نێوان زمانەکان ئەم دوو تیۆرییە یارمەتی مامۆستا و فێرخوازان دەدەن، کە باشتر لە پێکهاتەکانی فێربوونی ڕێزمان و جیاوازییەکانی نێوان زمانی زگماکی و زمانی ئامانج تێبگەن. هەر بۆیە لە کۆتاییدا:

-لە زمانی کوردیدا دەتوانین شوێنپێی ناوی و بەرکار NP-traces، object-traces، وشەی پرسیار دەستنیشان بکەین، کە دەرئەنجامی جوڵەی ڕستەسازین لە پێکهاتەی ڕستەدا.

-ئەم شوێنپێیانە دەکرێت لە دیاگرامی درەختیدا شیبکرێنەوە و شوێنپێ یان کۆپیەکە کە لە شوێنی سەرەتاییدا دەمێنێتەوە؛ بچێتە جووڵەی وشەی پرسیارەکە واتە شوێنی [Spec, CP].

-لە چوارچێوەی تیۆری دەسـەڵات و بەسـتنەوە (GB)، دەکرێت تایبەتمەندییەکانی وەک پێگەی بکەر (A-position و A′-position)، و ڕۆڵی تێتا لە زمانی کوردیدا وەسـف بکرێت .پێکهاتەی ڕسـتەسـازی کوردی تاڕادەیەکی زۆر لەگەڵ بنەما گشتییەکانی دەسەڵات و بەستنەوە (GB)، یەکدەگرێتەوە، بەڵام لە کۆپیدا زۆربەی جێبەجێ ناکرێت.

**سەرچاوەکان:**

**1- بە زمانی کوردی**

– حاجی، ڤیان سلێمان (2009)، کەرەسە بەتاڵەکان لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە، (تێزی دکتۆرا بڵاوکراوە)، ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

– خۆشناو، نەریمان عەبدوڵلا(٢٠١٧)، ڕستەسازی، چاپخانەی ڕۆژهەلات – هەولێر، چاپی چوارەم.

– مەحوی، محەمەد (2001)، ڕستەسازیی کوردی، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

– موکریانی، کوردستان (٢٠٢٢)، سینتاکسی ڕستەی سادە لە زمانی کوردیدا ئینتشارات کوردستان، سنە.

– محەممەدی، عادڵ (٢٠٢٣). تێگەیشتنی هەڵە لە زمان، ستۆکهۆلم-سوید: چاپی (books49).

**2- بە زمانی فارسی**

– دبیرمقدم، محمدی (1383). پژوهشهای زبانشناختی فارسی (مجموعه مقالات). تهران: مرکز دانشگاهی.

– راسخمهند، محمد (1393) فرهنگ توصیفی نحو، تهران : نشر علمی.

**3- بە زمانی ئینگلیزی**

– Bussmann, H. (2006). *Routledge dictionary of language and linguistics* (G. Trauth & K. Kazzazi, Trans.). Routledge.
– Carnie, A. (2013). *Syntax: A Generative Introduction* (3rd ed.). Oxford: Wiley-Blackwell.
– Chomsky, N. (1981). *Lectures on Government and Binding: The Pisa Lectures*. Dordrecht: Foris Publications.
– Chomsky, Naom(1986), Knowledge of language : its nature, origin, and use, New York, praeger.
– Crystal, David(1991), *A Dictionary of Linguistics and phonetics 3rd Edition*, Black well: Oxford.
– Dikken, M. den. (2013). *The Cambridge Handbook of Generative Syntax*. Cambridge: Cambridge University Press.
– Haegeman, L. (1994). *Introduction to Government and Binding Theory* (2nd ed.). Oxford: Blackwell.
– Koot, H. &Needleman, A. (2010). A local encoding of syntactic dependencies and its consequences for the theory of movement. Syntax, 13(4), 337-372. Available: citeseerx.ist.psu.edu/viewdoc/download?doc=10.1.1.110… (January 12, 2012).
– Lightfoot, D (1976) Trace theory and twice moved NPs. *Linguistic Inquiry* 7, 559–82.
– Lightfoot, D (1976) Trace theory and twice moved NPs. *Linguistic Inquiry* 7, 559–82.
– Luraghi, S., & Parodi, C. (2008). *Key Terms in Syntax and Syntactic Theory*. London/New York: Continuum.
– Radford, A. (2004). *English Syntax: An Introduction*. Cambridge: Cambridge University Press.
– Radford, A. (2004). *English Syntax: An Introduction*. Cambridge: Cambridge University Press.
– Rizzi, L. (1982). *Issues in Italian syntax*. Dordrecht: Foris.

**A Syntactic Analysis of Trace Types in Kurdish within the Government and Binding Theory**

**Hazha Ismael Ramadhan**
Department of Kurdish language, College of Basic Education, Salahaddin University – Erbil, Kurdistan Region, Iraq
hazha.ramadan@su.edu.krd

**Nareman Abdulla Karem**
Department of Kurdish language, College of Basic Education, Salahaddin University – Erbil, Kurdistan Region, Iraq
nareman.kareem@su.edu.krd

**Abstract**
This study investigates the types of syntactic traces in Kurdish within the framework of Government and Binding Theory. The primary aim is to analyze syntactic structures in which elements such as subjects, objects, and wh-phrases are displaced, leaving behind syntactic traces. The data are drawn from naturally occurring Kurdish sentences and analyzed through X-bar tree diagrams. The results indicate that Kurdish is a pro-drop language and systematically employs trace types such as NP-trace, Wh-trace, and PRO. These patterns reflect the compatibility of Kurdish with universal principles of the GB framework. The study further emphasizes the parametric properties of Kurdish, particularly regarding subject omission and movement of interrogative elements. The findings contribute to a deeper understanding of Kurdish syntax and can inform language teaching and analysis.
**Keywords:** Government and Binding Theory, trace, pro-drop, X-bar Theory, noun phrase (NP)

## تحليل نحوي لأنواع الأثر في اللغة الكردية في إطار نظرية الحاكمية والإحالة

**هازه اسماعيل رمضان**
قسم اللغة الكردية,كلية التربية الا ساسية ,جامعة صلاح الدين –
اربيل,إقليم كوردستان,العراق
hazha.ramadan@su.edu.krd

**نريمان عبدالله كريم**
قسم اللغة الكردية,كلية التربية الا ساسية ,جامعة صلاح الدين –
اربيل,إقليم كوردستان,العراق
nareman.kareem@su.edu.krd

**الملخص**
تتناول هذه الدراسة أنواع الأثر النحوي في اللغة الكردية ضمن إطار نظرية الحاكمية والإحالة .(Government and Binding Theory) والهدف الرئيسي هو تحليل البُنى النحوية التي يحدث فيها تحريك لعناصر مثل الفاعل، والمفعول به، وتراكيب الاستفهام، بحيث تترك هذه العناصر أثراً نحوياً (trace) في موقعها الأصلي. تم جمع البيانات من جمل طبيعية مستخدمة في اللغة الكردية، وتم تحليلها باستخدام مخططات الشجرة وفق نظرية .X-bar وتُظهر النتائج أن اللغة الكردية تُعد من اللغات التي تسمح بإسقاط الضمير(pro-drop) ، كما أنها تستخدم أنواعاً من الأثر مثل NP-trace و Wh-traceو PRO بشكل منهجي. تعكس هذه الأنماط توافق اللغة الكردية مع المبادئ العالمية لإطار .GB كما تؤكد الدراسة على الخصائص البراميترية في اللغة الكردية، خصوصاً فيما يتعلق بإسقاط الفاعل وتحريك العناصر الاستفهامية. تُسهم هذه النتائج في فهم أعمق للتركيب النحوي للغة الكردية، ويمكن الاستفادة منها في تعليم اللغة وتحليلها.
**الكلمات المفتاحية** :نظرية الحاكمية والإحالة، الأثر، إسقاط الضمير، نظريةX-bar ، المجموعة الاسمية.